### ئافرەتان خواستی کارکردنیان هەیە

# داوای دەرفەتی کار دەکەن



گوڵان: کۆمەڵایەتی

یەکێك لە کێشــە گەورەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا «گرفتی ئابووری»یە و تا ئێستا داهات بە ڕێژەیەکی نزیك لە گشــتی لە ژێر کۆنترۆڵی پیاواندایە و ئافرەتان وەك پێویســت نەبوونەتە خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ. ئەگەر ئافرەت لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێت، چۆن لە پاشکۆبوونی باوك و برا و هاوسەر رزگاری دەبێت؟ ئایا ئافرەتان باشــتر ئابووریی خێزان هەڵناسووڕێنن؟ کۆمەڵناســان و چالاکانی مەدنی لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا سەرەتا جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە دێرزەمانەوە تائێســتا ئافرەت لە بەڕێوەبردنی ماڵ و خزمەتکردنی ئەندامانی خێزان پشــکی شێری بەرکەوتووە، باسی ئەوەش دەکەن کە زۆرن ئەو ئافرەتانەی زۆربەی کاتەکانی ژیانیان لەنێو چێشتخانەی ماڵەوە بەســەر دەبەن، بێ ئەوەی لەلایەن بەخێوکەری ماڵ درك بەم ئەرکە قورسەی بکرێت، دەروونناسانیش هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە مانەوەی ئافرەتان لەچوارچێوەی ماڵ و نەبوونی داهاتێکی ســەربەخۆ ئافرەتان تووشــی خەمۆکی و بێئومێدی دەکات. هاوکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (یەکســانیی رەگەزی) نەك تەنیا جێی بایەخی بیرمەندانە، بگرە دەبێت ببێتە پێوەری پێشکەوتنی هەر وڵاتێك. گەرچی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دروشمی زۆربەی کاندیدەکانی پەرلەمان و یاسادانەرانی جیهان بایەخدانە بە مافی خانمان، بەڵام زۆر کەمتر لە دروشــمەکان هەوڵدراوە کە ئافرەت لە چوارچێوەی ماڵ دەربهێندرێن و لە ســەر ئەرزی واقیع و لە پراکتیکدا خانمان تێکەڵ بە ناوەندەکانی کارکردن بکرێن. لەلەگەڵ هەموو ئەمانەشــدا دوور نییە خانمانی فەرمانبەر و کارمەند، منداڵەکانی خۆیان باشتر لە ئافرەتی ماڵەوە پەروەردە بکەن، ئەوەش سەرباری ئەوەی کە داهات و باری ئابووری خێزان باشتر دەکەن، هاوکات جگە بەهۆی تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگە گرفتە خێزانیەکانیشیان کەمتر دەبێت.





با پێکەوە گوێبیستی ئاریشەکانی خانمێکی فەرمانبەر بین کە دەڵێت: «هەموو ڕۆژێك بەیانیان دەچمە دەوام و پاش نیوەڕوان دێمەوە بۆ ماڵەوە، سێ منداڵیشم هەیە کە دەچنە قوتابخانە، بەڵام کە هاتمەوە لە دەوام، فریای ئیش و کاری ناوماڵیش دەکەوم، دەرسیش بە منداڵەکانم دەڵێم، جگە لەوەی داهاتی کارەکەم بەشێك لە پێداویستی ماڵ و منداڵەکانم دابین دەکات، هاوسەرەکەشم بە هەمان شێوە خەریکی کار و کاسبییە، ئەو سەرقاڵییەم بە کاری فەرمانگەکەم بۆشاییەکی بۆ دەمەقاڵێ و چپیە و چی بووەی ژن و مێردایەتی نەهێشتووەتەوە، بەپێچەوانەوە چونکە هەردووکمان لە دەرەوە کاردەکەین و کەمتر یەکتر دەبینین، وەکو دوو برادەر دەژین».

ئەوە قسەی ژوان سەعید بوو، ئەو وەك فەرمانبەرێك نموونەیەك لە سەر ژیانی خۆی دێنێتەوە و دەڵێت: «کاتێ مۆڵەتی دایکایەتیم وەرگرت، بەهۆی دەست بەتاڵی شەرم بە هاوسەرەکەم دەفرۆشت و تەنانەت دڵپیسیم لێی دەکرد و ڕۆژانە لێپرسینەوەم لەگەڵیدا دەکرد، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە بەسەر گومان و کێشەکانمدا سەرکەوتووم و ژیانێکی ئاسایی بەسەر دەبەم، ئەگەرچی زۆریش شەکەت و ماندووم، بەڵام باری دەروونیم زۆر باشە».

ئابووریناس هۆشمەند ڕەفیق، پرسی کارکردنی ئافرەت لە ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، بە پرسێکی گرنگ دەزانێت و دەڵێت: «هەرێمی کوردستان ئەگەرچی بەشێکە لە عێراق، بەڵام سیستەمە ئابوورییەکەی جیاوازە و دەیەوێت بەرەو ئابووری بازاڕ هەنگاو بنێت، بێگومان کاتێ سیستەمی ئابووری گۆڕانکاری بەسەردادێت و دەوێت هاوشان بێ لەگەڵ ئەوروپا و ڕۆژئاوا، ئەوا دەبێت گۆڕانکاری لە بازاڕی کاریش دروست بێت، بەوەی هەر نابێت لە بازنەی سیستەمی کۆنی ئابووری بخولێینەوە، لە بەر ئەوەی ئابووریی کوردستان و هەموو جیهانیش پێویستی بە وزە و توانا و لێهاتوویی ئەقڵی و جەستەیی ئافرەت هەیە، لەو ڕوانگەوە دەکرێت بڵێین ئافرەت ئەرکی قورستر دەبێت، چونکە هەم لە ماڵ و هەمیش لە دەرەوە کار دەکات، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، شێوازی ژیان ئێستا گۆڕاوە، پیاویش لە ماڵ کار دەکات و ئەوەشی نایکات، دەبێت لە ئایندە بە ناچاری بیکات، چونکە بەڕێوەبردنی ئەرکی ماڵ و خێزان لە دونیای سەردەم بووەتە شتێکی هاوبەش. هەرچەندە زۆر بۆچوون هەنە پێیانوایە ئافرەت تەنها دەتوانێ لە ماڵ کار بکات و لە دەرەوەی ماڵەکەی سەرکەتوو نابێت، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە ئەزموون هەیە هەموو ئەو ئافرەتانەی کە لە دەرەوە کار دەکەن، لە بەڕێوەبردنی خێزانیش زۆر سەرکەوتووتر بوون، بەهۆی ئەوەی ئەزموونی کارکردنی دەرەوەی دەگوازێتەوە بۆ ماڵەوە، واتە هەم ماڵداری دەکات و هەمیش لە پەروەردەکردن خاوەنی زانستی زیاتر دەبێت. هەروەها کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە لەلایەك دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاك و داهاتی خانەوادە و داهاتی نەتەوەیی لەسەر ئاستی وڵات و لە لایەکی دیکەوە باری گوزەرانی خێزانەکەی خۆی خۆشتر دەکات، بە جۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێین: ئافرەتی خاوەن کار جگە لە باشترکردنی گوزەرانی خانەوادەکەی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەی، ئەوا سەربەرستی و سەربەرزی زیاترە و پشت بە خۆی دەبەستێت، نەك چاوی لە پیاوێك بێ، کە وەك باوك و برا، یان هاوسەر خێری پێ بکات، واتە داهاتی ئافرەت وادەکات بەشدار بێ لە گەشەی ئابووریی خێزان و وڵات و زیاتربوونی بەرهەمی تاك لە کۆمەڵگە و کاراکردنی هێزی کار. ئەوەی گرنگە باسی لێوە بکەین ئەوەیە کە هەلی کار لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت برەخسێندرێت، بەتایبەت کەرتی تایبەت و مووچەی ڕەگەزی مێ زیاتر بکات، تا بارگرانی لەسەر حکومەتیش کەمتر بێ، چونکە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ٤٥٪ی خانەوادەکان پشت بە مووچەی حکومەت دەبەستن، لە ئەگەری دواکەتنی مووچەش ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، بەڵام لە کەرتی تایبەت مووچە لە کاتی خۆی دەدرێت و ئەوەش پاڵپشتێکی گرنگە بۆ خانەوادە، هەروەها پێویستە میدیاکانیش هوشیاری بڵاو بکەنەوە لە هاندانی ئافرەت بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت، چونکە کارکردنی ئافرەت لە کەرتی تایبەت بەهۆی پاشەگەردانی فەرهەنگ و دابونەریتەوە لە ئێستادا لە ئاستێکی نزمدایە، جا ئەگەر ڕێژەکە بەرزبێتەوە وا دەکات ڕێژەی بێکاری و هەژاری کەم ببێتەوەو ئاستی ژیانی خێزان باشتر دەبێت، لە کۆتاییدا گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و داهاتی نەتەوەیی بەرەو هەڵکشان دەچێت و پێشکەوتن دێتە کایەوە.

هەندێك لە چالاکانی مەدەنی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە حکومەت بۆ کابانی ماڵ و ژنانی ماڵەوەش مووچەیەك دابین بکات. هە لەو بارەیەوە پەرلەمانتار حەیات مەجید وەك بڕیاردەری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە بڕینەوەی مووچە بۆ کابانی ماڵ، پڕۆژەیەکی خولی ڕابردوو بوو کە ئەوکات قسەی زۆری لەسەر کراوە. ئەو پەرلەمانتارە ڕایوایە ئەو دروشمە (بڕینەوەی مووچە بۆ کابانی ماڵ) وەك کەرەستەیەك لە کاتی هەڵبژاردنەکان بەکار هاتووە، ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی ماڵەوەش بەو پڕۆژەیە دڵخۆش بوون. گوتیشی: «من شەخسی خۆم و وەکو بڕیاردەری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لەگەڵ ئەو پڕۆژەیە نیم و پێموایە پێویستە

**کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ متمانە بە کەسایەتی خۆی دەدات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی باشتر ئیرادە و توانای خۆی دەربخات**

**زۆرێك لە دایکان فەرمانبەری ئاسایی، یان کارگوزارن، یان خەریکی کاری ماڵانن، بەڵام دەبینین پەروەردەی منداڵەکانیان نموونەیی و کەم وێنە بووە**

**باشترین چارەسەر ئەوەیە کە هەلی کار بۆ ئافرەت فەراهەم بکرێت، بۆ ئەوەی هەم ئابوورییەکی سەربەخۆی هەبێت و هەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەهێز بێت**



ئافرەت بە کاربخرێت و بهێندرێتە دەرەوەی ماڵ، نەك لە ماڵەوە زیندانی بکرێت و بەهرەکانی بمرێنن، چونکە سەدان ئافرەتی دەسترەنگین و خاوەن بەهرەمان هەیە بۆ نموونە لە رستن و چنین و دروومان و کاری دەستی، تەنانەت چەندین شوێن بۆ کردنی نان کراوەتەوە، لەم حاڵەتانەدا ئافرەتانی نەخوێندەوار و بێ بڕوانامەش دەتوانن لەو کارانە سوودمەند دەبن، باشترین چارەسەر ئەوەیە کە هەلی کار بۆ ئافرەت فەراهەم بکرێت، بۆ ئەوەی هەم ئابوورییەکی سەربەخۆی هەبێت و هەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بە تێکەڵبوونی بە جیهانی کار بەهێز بێت، لە ئێستاشدا ئەو پڕۆژەیە لە پەرلەمان قسەی لەسەر دەکرێ، بەڵام بەهۆی ئەو بارە ئابوورییەی کە کوردستانی گرتۆتەوە، پڕۆژەکانی پەیوەست بە پارە راگیراون، بەڵام دڵنیام دەخرێتە بواری گفتوگۆکردن».

هەڤاڵ ئیبراهیم بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە هیچ جۆرێك نابێت هێزی کاری رەگەزی مێینە فەرامۆش بکرێت، چونکە ئافرەتیش هەمان شێوەی پیاو خاوەن ئیرادە و توانایە، بەڵام کاتێك ئافرەتێك بیر لەوە دەکاتەوە کارێك لە دەرەوەی ماڵ بکات، دڵنیام رووبەڕووی کاردانەوەی خراپی کۆمەڵگە و چەندین پرسیار دەبێتەوە، ئەگەر کارکردن لە چوارچێوەی لایەنە دەروونییەکەوە تەماشا بکەین، بێگومان ئەوا ئاسوودەیی دەدات بەو ئافرەتە و رۆژانە هەڵسوکەوتی و مامەڵەی گشتگیر دەبێت و قەتیس نابێت لە نێوان تێفکرین وخۆ بەندکردن لەو پانتایە کەمە پەرژین کراوە دەستکردە کە پێی دەگوترێت ماڵ، ئەمرۆ ئافرەت هۆشیارە و بڕیاری ئیشکردنی داوە، بۆ ئەوەی پا شکۆ نەبێت و بتوانی کەسێك لە خۆیدا هەڵبگرێت و گەورە و بەخێوی بکات، لە ئەنجامی ئەوەش هەستدەکات کەسێکی سوودبەخشە بۆ کۆمەڵ و نرخێکی هەیە، بەڵام پێموا نییە کارکردن کاریگەری لە سەر شێوازی بە خێوکردنی منداڵ هەبێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە لە هەڵسوکەوتدا هاوشێوەین، بۆیە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە و گشتگیرە، زۆرێك لە دایکان فەرمانبەری ئاسایی، یان کارگوزارن، یان خەریکی کاری ماڵانن، بەڵام دەبینین پەروەردەی منداڵەکانیان نموونەیی و کەم وێنە بووە. راستە کاری سەرەکیی ئافرەت گرنگیدان و بە خێوکردنی منداڵە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاتێك ئافرەت کارێکی سەربەخۆی هەبێت، سەر باری ئەوەی ئەرکەکەی دوو بەرامبەرە، کەسایەتیەکی سەربەخۆشی دەبێت، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هاوکارو پاڵپشتی پیاو لە دابینکردنی پێداویستی ژیان، بەڵام بەو مەرجەی ئەم کارکردنە نەبێتە هۆکاری سستی و لاوازیی پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد و پەراوێز خستنی پەروەردەی منداڵ، هاوکات کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ متمانە بە کەسایەتی خۆی دەدات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی باشتر ئیرادە و توانای خۆی دەربخات و خۆی بە شێوەی راستەقینەکەی لە دەرەوەی هەیمەنەی رەگەزی نێر بدۆزێتەوە.

**ئافرەتی خاوەن کار سەربەرستی و سەربەرزی زیاترە و پشت بە خۆی دەبەستێت، نەک چاوی لە پیاوێک بێ، کە وەک باوک و برا، یان هاوسەر خێری پێ بکات**

**کاتێ مۆڵەتی دایکایەتیم وەرگرت، بەهۆی دەست بەتاڵی شەرم بە هاوسەرەکەم دەفرۆشت و تەنانەت دڵپیسیم لێی دەکرد و رۆژانە لێپرسینەوەم لەگەڵیدا دەکرد**